

# گۆڵف... ئەو
# یارییەی لە هەوایەکی بەربڵاودا ئەنجامدەدرێت

لە عەرەبییەوە: باوکی ڕەهەند



گۆڵف وەرزشێکە لە هەوای بەربڵاوو لەسەر گۆڕەپانێکی پانو گەورەی سەوزایی، کە بەرزاییو جۆگەی ئاوو کونی بچوکو تەسکی تێدایە، ئەنجامدەدرێت. درێژی گۆڕەپانی گۆڵف لەنێوان ٣ بۆ ٧ کیلۆمەتردایە، ئەمەش بەپێی ژمارەی ئەو کونانەی لە گۆڕەپانەکەدایە کە لەنێوان ٩ بۆ ١٨ کوندایە. تۆپە سپیە بچووکەکەی یاری گۆڵف کە تایبەتە بەم یارییە، پێویستە بەهۆی دارێکەوە کە پێیدەوترێت (میجارا)، بخرێتە ناو ئەو کونانەوە. وڵاتی سکۆتلەندە بە لانکەی لەدایکبوونی ئەم یارییە دادەنرێت.



## شێوازی یارییەکە

لەپێناو لێدانێکی درێژ کە بەرز نەڕوات، وەک ئەوەی لە یەکەم لێداندا ڕوودەدات، دارێک بەکاردەهێنرێت کە سەرێکی تەختەی هەیە. ئەم سەرە تەختەییە قەبارەی جیاواز جیاوازی هەیە. بەڵام لێدانەکانی دیکە، لە ڕێگەی دارێکەوە دەبێت کە سەرێکی کانزاییو تۆزێک خواری هەیە. ئەم لێدانانەی دوایی، کورتو بەرزن، ئەمەش بۆ تێپەڕاندنو ڕزگاربوونە لە بەربەستەکان. کاتێک یاریزانەکە لە تۆپەکە دەداتو بە یەکەم لێدان ناتوانێت تۆپەکە بخاتە ناو کونەکەوە، پێویستە بڕوات بۆ ئەو شوێنەی تۆپەکەی لێ ڕاوەستاوە، پاشان لێدانی دووەمو سێیەمو.. هتد لە تۆپەکە دەدات تا ئەو کاتەی تۆپەکە دەگاتە ناو ئەو کونەی لەناو سەوزاییەکەدایەو زۆرجار بە ئاڵایەک یان بە بەیداخێک نیشانەکراوە. کاتێک تۆپەکە دەگاتە ناوچە سەوزاییەکە، پێویستە یاریزانەکە دارێکی تایبەت بەکاربێنێت کە سەرەکەی لە مس دروستکراوە.

## تۆپی گۆڵف

ڕەنگی تۆپی گۆڵف سپییەو لە پارچە لاستیکێکی پتەو دروستکراوە. سکۆتلەندە بە لانکەی لەدایکبونی یاریی گۆڵف دادەنرێتو لە سەدەی هەژدەهەمەوە تێیدا بڵاوبۆتەوە. یەکەم یانەی گۆڵف لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستبوو، بەڵام لەئێستادا نزیکەی نۆ هەزار یانەی گۆڵف لە ئەمریکادا هەیە. لە ئینگلتەرە هەزار گۆڕەپانو لە فەرەنسا تەنها سەد گۆڕەپانی گۆڵف هەیە. ساڵانە لە جیهاندا، سەدان یاری نێودەوڵەتی بۆ گۆڵف ئەنجامدەدرێت، بەناوبانگترینیان پاڵەوانیەتی ئینگلتەرەی کراوە، پاڵەوانییەتیەکانی ماسترز، پاڵەوانییەتیەکانی ئەماتۆر تایتلز. لە ئێستادا یاریزانی ئەمریکی «تایجر ودز»، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشەنگی هەمو یاریزانەکانە.



# واین ڕۆنی : دەمەوێت ببم بە باشترین گۆڵکەر
# لە مێژوی هەڵبژاردەی ئینگلتەرەدا





واین ڕۆنی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرەو یانەی مانچستەر یونایتد، دانی بەوەدا نا دەیەوێت ژمارەی پێوانەیی یاریزان»بۆبی شارلتۆن» بشکێنێتو بەربەستی ٤٩ هەمین گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە تێپەڕێنێت کە بە هەڵبژاردەی سێ شێرەکە ناودەبرێت. هەروەها «واین ڕۆنی» کە تا ئێستا لە ٥٥ یاری نێودەوڵەتی، ٢٥ گۆڵی تۆمارکردووە، دەڵێت: لەگەڵ بەڕێز «بۆبی شارلتۆن» قسەم لەبارەی یاریکردن بەشێوەیەکی باشو تۆمارکردنی گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە کردووە. «ڕۆنی» لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: شکاندی ئەو ژمارەیە، ژمارەکەی شارلتۆن، وەک خەونێک وایە بێتەدیو ببێت بە ڕاستی، ئەمە بۆمن زۆر دەگەیەنێت. شتێکی زۆر باشە لە یانەی مانچستەر یونایتد، دوو یاریزان هەبن لە هێڵی یەکەمو دووەمی پێشەوە یاریبکەن. بەڵام نابێت «مایکل ئۆین» لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دوربخرێتەوە، چونکە ئەویش تا ئێستا هەلی ئەوەی هەیە ژمارە پێوانەییەکەی (شارلتۆن) بشکێنێت.

«مایکل ئۆین» لە ڕیزی باشترین گۆڵکەرانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، بە تۆمارکردنی ٤٠ گۆڵ، لە پلەی چوارەمدایە. یەکەمی ئەو گۆڵکەرانە «بۆبی شارلتۆن»ە بە ٤٩ گۆڵ، پاشان یاریزان «گاری لینیکەر» بە ٤٨ گۆڵ، دوای ئەو یاریزان «جیٚمی جریفز» بە ٤٤ گۆڵ.

«بۆبی شارلتۆن» لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٧٠، لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ١٠٦ یاری ئەنجامداوە، لە ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، نازناوی جیهانی ئەو ساڵەیان بەدەستهێنا. هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ بۆ ١٩٧٣، لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، ٦٠٦ یاری ئەنجامداوەو ١٩٩ گۆڵی تۆمارکردووە. لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتدا توانیویەتی سێ جار خولی ئینگلیزی بەدەستبێنێتو لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەل هەمان یانەدا کاسی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بەدەستهێناوە.

«ڕۆنی» هیوادارە لەسەر هەمان ڕێبازی «بۆبی شارلتۆن» بەردەوامبێتو سورە لەسەر ئەوەی لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتدو لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، نازناوی زیاتر بەدەستبێنێت. ئاشکرایە ئەم یاریزانە تا ئێستا سێ ئەزمونی تاڵی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرەدا هەیە، ئەوانیش بریتین لەوەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە مۆندیالی ٢٠٠٢و ٢٠٠٤ لە قۆناغی چارەکی کۆتایی پاڵەوانییەتیەکە کرانە دەرەوە، ئەمە جگە لەو شکستە گەورەیەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، نەیتوانی بگاتە پاڵەوانیەتی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا. «ڕونی» دوای ئەوەی لە یانەی ئێڤەرتۆنەوە کە تێیدا لەڕیزی تازەپێگەیشتوانی یانەکەدا یاریدەکرد، دەڕوات بۆ یانەی مانچستەر یونایتد، ئیدی کاروانی وەرزشی «ڕۆنی» لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، لە ساڵی



## ڕەکبی... لە یاری تۆپی پێ دەچێت

ڕەکبی... وەرزشێکە لە تۆپی پێ دەچێت، بەڵام بە تۆپێکی شێوە هێلکەیی یاریدەکرێت کە لە تۆپە خڕەکانی دوو گۆڵو تۆپی سەبەتەو تۆپەکانی دیکە ناچێت. تیپی ڕەکبی لە ١٥ کەس پێکهاتوون، لەسەر گۆڕەپانێک یاریدەکەن درێژییەکەی ١٠٠ مەترەو پانییەکەی ٦٨ مەترە. گۆڕەپانەکە بۆ چەند بەشێک دابەشدەکرێت کە لە دابەشکردنی گۆڕەپانی تۆپی پێ دەچێت، بەڵام گۆڵەکان جیاوازن. گۆڵی ڕەکبی لە دوو ستوونو شیشێکی ئاسۆیی کە نزیکە لە زەوییەوە، پێکدێت.



ئەو هێڵەی لە هێڵی گۆڵەکەوە ٢٢ مەتر دوورە، پێیدەوترێت هێڵی (بیستو دوو). یاری ڕەکبی ئەو یارییەیە کە پێش تۆپی پێ دۆزراوەتەوە. تۆپی پێ لەم یارییەوە دەستی پێکردو پێشکەوت، تۆپی پێ سەرەتا بە دەستو بە قاچ ئەنجامدەدرا.



لە یاری ڕەکبیدا، ڕێگەدەدرێت یاریزانێک یاریزانە ڕکابەرەکەی بەرامبەری، کە تۆپەکەی پێیە، لە باوەش بگرێتو بە هەڵە (فاوڵ) حساب ناکرێت. ئەو تیپەی هەڵسوکەوتی توند بەرامبەر بە تیپە ڕکابەرەکەی، بەبێ ئەوەی تۆپەکەیان لابێت، ئەنجامبدات، بەهەڵە بۆیان حساب ناکرێت.



تۆپی ڕەکبی لەپێست دروستدەکرێتو شێوەیەکی هێلکەیی هەیە .درێژییەکەی ٢٥سمو پانییەکەی، پانترین شوێن، ١٨سم.



بەرزی دوو ستونەکە نزیکەی چوار مەترەو ماوەی نێوان دوو ستونەکە ٥,٦٤ مەترە . ئەو تیپەی بتوانێت تۆپەکە بگەیەنێتە پشتی گۆڵی بەرامبەرەکەی، یان بتوانێت تۆپەکە بە نێوان دوو ستونەکەدا تێپەڕێنێت، گۆڵێک تۆمار دەکات. ئەگەر هەر یاریزانێک تۆپەکەی گەیاندە پشتی گۆڵەکە، پێویستە تۆپەکە بدات بە زەویدا، واتە تۆپەکە بەر زەوی بکەوێت. بەوە کۆمەڵەیەک بەدەست دێنێت کە لە سێ خاڵ پێکهاتووە.

٢٠٠٤ دەستپێدەکات. لەو ساڵەداو لە یەکەم بەشداریکردنی لەگەڵ یانەی مانچستەر یوناتدا، توانی سێ گۆڵ لەیانەی فنەربەخچی تورکی تۆمار بکات، ئەو گۆڵانە هەرگیز لەبیرناکرێن. دوای چەند هەفتەیەکی کەم دەبێتە یەکێک لە گرانترین یاریزانە هێرشبەرە لاوەکانی جیهان. یاریکردنی لە یانەی مانچستەر شتێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو وەک ڕاگەیاندنی هاتنی ئەستێرەیەک بوو کە دەتوانێت زۆرشت بکات.

لە کۆتایی وەرزی ٢٠٠/٢٠٠٥، لە ٤٢ یاریدا ١٧ گۆڵی تۆمارکردووە، لەلایەن کۆمەڵەی ئینگلیزی بۆ یاریزانانی پیشەگەر، بە باشترین یاریزانی تازەپێگەیشتوو هەڵبژێردرا. لە وەرزی دووەمیدا لەگەڵ مانچستەر، زیاتر دەرکەوتو زیاتر بووە شوێنی سەرنجی هەموان، لەو وەرزەدا لە ٤٨ یاری، ١٩ گۆڵی تۆمارکرد. لە ساڵی ٢٠٠٦ توانی ٢٣ گۆڵ تۆمار بکات. لە وەرزی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ توانی ١٨ گۆڵ تۆمار بکات.

«تۆنی» لە ڕێگەی تۆمارکردنی گۆڵی بردنەوەوە، توانی یانەی مانچستەر یونایتد بکاتە خاوەنی نازناوی کاسی جیهانی یانەکان. لە وەرزی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ لەگەڵ یانەکەیدا بۆ جاری سێیەم لەسەریەک، بوونە پاڵەوانی خولی ئینگلیزی، بەڵام نەیانتوانی بۆ جاری دووەم ببنە پاڵەوانی خولی یانەکانی ئەوروپا، چونکە یانەی مانچستەر لە یاری کۆتایدا کە لە شاری ڕۆما ئەنجامدرا، بە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیای دۆڕاند. ئەم یاریزانە لەم وەرزەدا ٢٠٠٩/٢٠١٠، بەشێوەیەکی باشو سەرکەوتوانە، لەگەڵ یانەکەیدا بەردەوامە. پێش دەستپێکردنی خولی ئینگلیزی، یانەی مانچستەر یونایتد لە ڕێگەی گۆڵێکی «واین ڕونی»یەوە، کە لە یانەی چێلسی تۆماریکرد، توانیان کاسی قەڵخانی خەیری بەدەستبێنن. پاشان لەگەڵ یانەکەیدا بە ئەنجامی (٥ - ٠) لە یانەی ویگانیان بردەوە، لەو یاریەدا «ڕۆنی» توانی بگاتە (١٠٠)هەمین گۆڵی خۆی، بگرە توانی بگاتە گۆڵی ١٠١ لەمێژوی یانەکەیدا.

### واین ڕۆنی لە چەند دێڕێکدا

ناوی تەواوەتی: واین مارک ڕۆنی
ساڵی لەدایکبوون: ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥
شوێنی لەدایکبوون: لیڤەربول، ئینگلتەرە
درێژی: ١, ٧٨ مەتر
نازناو: کوڕە زێڕینەکە
شوێنی یاریکردن: هێرشبەر
یانەی ئێستای: مانچستەر یونایتد
ژمارە: ١٠



